**پەیوەندیەکانی گشتی و کاروباری یاسایی ژمارە 95/ع/2014 لە 9/1/ 2014 ، ئەنجومەنی دادوەری بڕیاریدا بە کۆی دەنگ بە دەرکردنی ئەو ڕێنماییەی خوارەوە :**

**مادده :** ( 1 ) **هەموارکردنی دەقی مادده /6 لە ( ڕێنمایی جێ بەجێ کردنی یاسایی ژمارە (17)ی سالی 2013 یاسای جێ بەجێ کردن یاسای ئیمتیازاتی لێکۆلەرەوانی دادوەری ژمارە (80)ی ساڵی 2012 ئیتحادی لە هەرێمی کوردستان ) کە دەرچووە بەپێ ی بڕیاری ئاماژە پێ کراو لە سەرەوە بۆ ئەم شێوەی خوارەوە ( ئەو ڕێنمایە لێکۆلەرەوانی دادوەری ئەوانەی لە میلاکی ئەنجومەنی دادوەری دان و لە پەیمانگەی دادوەری وەرگیراون دەگرێتەوە)**

**مادده :** ( 2 ) **ئەو ڕێنمایە بلاو دەکرێتەوە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان .**

**أحمد عبدالله زبير**
**ســەرۆکی ئە نجومەنی دادوەری**

**وەزارەتی دارایی وئـابووری**

**بەیانی ژمارە** ( 2 )**ی ساڵی** 2014

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی 17/ برگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (5)ی ساڵی 2010 ، بڕیارماندا بە :-**

- **کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی ئابووری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بووجە .**

**بەیانی ژمارە** ( 3 )**ی ساڵی** 2014

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی 17/ برگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (5)ی ساڵی 2010 ، بریارماندا بە :-

1- هەڵوەشاندنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گومرگی سۆران لە گەڵ بنکەی گومرگی جوندیان و بخرێتە سەر بەرێوەبەرایەتی مێرگەسور .

2- هەڵوەشاندنەوەی بەڕێوە بەرایەتی گومرگی ئاکرێ لەگەڵ بنکەی گومرگی مەندان و بخرێتە سەر بەرێوەبەرایەتی گومرگی دهۆك .

**بایز سعید محمد**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە ( 2 )ی ساڵی 2014**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی حەوتەم/ برگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (12)ی ساڵی 2007 ، بریارماندا بە :-

- هێنانەکایەی ( استحداث )ی هۆبەی تەندروستی لە چوارچێوەی هەیکەلی کارگێری بەرێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی (هەولێر – سلێمانی – دهۆك) بە مەبەستی زیاتر دابین کردنی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان بۆ سوودمەندانی ئۆرگانە خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکانی (خانەکانی ماڵی نەوجەوانانی کچان و کوران و خانەی ماڵی بە ساڵاچوو پەککەوتەکان) بێ بەش نەبوونیان لە چارەسەری تەندروستی بە تایبەتی لە شەوان .
- لە رۆژی دەرچونی ئەم بەیانە رێکەوتی 2014/5/6.

**د.رێکەوت حمە رشید**
**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بەوەکالەت**

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ برگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (15) ساڵی 2007 ، بریارماندا بە :-

**بەیانی ژمارە ( 42 )ی ساڵی 2014**